## مستەفا شێرزاد

ئەم زنجیرە وتارە لە بابەت ناساندنی هونەرمەندانی وێنەکێش دا کەم و کورتی زۆری هەیە و من بە شێوەی پێویست نەچوومەتە سەر باسی ناساندنی ئەو هونەرمەندانەی گەلەکەمان.

دیارە هەر باسێک لە وێنەگەریی بۆکان بکرێت دەست بە جێ سەرنج بەرەو ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و شێرزاد و ناهیدەکان رادەکێشرێت و بیر دەچێتە سلێمانکەندی و ئەحمەدئاوا.

هونەرمەند کاک مستەفا شێرزاد لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگییەکانە، لە مەهاباد لە دایک بووە، لە تەورێز دەرسی خوێندوە و مامۆستای هونەریی بریتی بوون لە فەیزوڵڵاخان و عەبدوڵڵاخانی ناهید و رەحیم خانی شێرزاد و پروفسۆر ئەعلەمی کورد.
ماڵپەڕی سیروانی هەفتانە وتووێژێکی لەگەڵ رێزدار مستەفا شێرزاد رێک خستوە کە تێیدا باس لە رەوتی کارە هونەرییەکانی کراوە لە سەرەتاوە تا ئێستا. گەرچی وتووێژەکە گەلێک کورتە و بۆ ناسین و ناساندنی هونەرمەندێکی وەک شێرزاد بەس نییە، بەڵام لای کەم چەشنە زانیاریەک بە خوێنەرە لاوەکانمان دەدات کە واهەیە کەسایەتی ئەو هونەرمەندە زەحمەتکێشە نەناسن.

من لێرەدا دەقی وتارەکەی ماڵپەڕی سیروان دەهێنمەوە کە لە لایەن ماڵپەڕی بۆکان/رۆژهەڵاتیشەوە راگوێزراوە :

**12 سه عاتی شه وانه رۆژ خه ریکی نه قاشیم**

ئاماژه: مامۆستا شێرزاد له نه وه کانی فه یزوڵڵا به گ له خێڵی فه یزوڵڵا به گی ساڵی 1320 له مه هاباد له دایکبووه. خوێندنی سه ره تایی و دواناوه ندی له به ر پیشه ی بابی له ته ورێز بووه. ماوه یه ك کارمه ندی کارخانه قه ندی پیرانشار بووه. پاشان له به ر هونه ره ره سه نه که ی له لایه ن ئیداره ی فه رهه نگ وهونه ری مه هاباده وه ر گیراوه. ئه و هونه رمه نده له ته مه نی



* مامۆستا له چ ساڵێکه وه ده ستتان به نه قاشی کرد؟

- له پێنج ساڵه ییه وه. ته مه نم 67 ساڵه یانێ 62 ساڵه شه یدای هونه ری نه قاشیم. له تافی مناڵی کاروپیشه م دار و دیوار ره ش کردنه وه بوو وله ززه تم له و کاره ده دی. ماوه یه کی زۆر له زه مه نی قه دیمدا هه میشه رێنووس و پێنووسم پێ بوو و خه ریکی نه قاشی هه موو شتێك بووم . خوا عه فووی کات ره حیم خانی شێرزاد ئامۆزام بوو. رۆژێکیان چۆله که یه کم کێشا بۆوه. چۆله که که ی زۆر پێ جوان بوو.

گه لێکی ته شویق کردم و هانی دام و دایك و بابیشم هه روه تر. ئه و هانده رییه یه گجار زۆر شوێنی له سه ر دانام بۆ برینی ئه و رێگایه.

پرۆفیسۆر »ئه عله م«یش ساڵی 28 - 1327 که ماڵمان له ته و رێزێ بوو، هاورێی بابم بوو. ئه و ره نگ و ره وغه نی کار ده کرد. ده چووم ته ماشام ده کرد و ده ستم له ره نگه کانی ئه و وه رده دا، ورده ورده راهاتم و فێری هونه ره که ده بووم. ئه وه نده م هۆگری و عه لاقه هه بوو ئه و ده می له ته ورێز چه ند نه قاشێکی لێ بوو وه کوو ئاغای سه فه ریان و ئاغای باجه ڵان و ... -که به ره حمه تی خودا چوون- ده چوومه به ر دووکانه کانیان راده وێستام و ته ماشام ده کرد ره نگه کان چۆن تێکه ڵ ده که ن و چۆنی ده که ن به ئاسمان و چۆنی ده که ن به دار و ... راده وه ستام و فێری تێکه ڵاو کردنی ره نگه کان ده بووم.

له ئۆردووی رامسه ر له ئاستی کیشوه ریدا له لایه ن ئازه ربایجانی غه ربی و شه رقییه وه دوو ساڵ به شداریم کرد. له ئازه ربایجانه وه ناردیانین بۆ ئۆردووی رامسه ر و له وێ پله ی سێیه مم وه ده س هێنا که له لایه ن وه زیری فه رهه نگی ئه و ده م خه ڵات کراین و له وحی شانازیمان پێ به خشرا.

* به له به ر چاو گرتنی ئه وه ی ئێوه به جێماوی به ره ی ئه وه ڵی نه قاشانی موکریانن، ئه و ره وته ی نه قاشی له کوردستاندا تێپه راندووه و ئێستای نه قاشی چلۆن هه ڵده سه نگێنن؟

- ئه م رۆژانه ( سه ره تای ئه مساڵ) به داخه وه هاوکات بووه له گه ڵ کۆچی دوایی کاکه ره حمان قاضی هونه رمه ندی به رێز و یه کێ له مامۆستایانی من، یادی به خێر. له بواری شێوه

کاری ئه مرۆ کوردستان له بارودۆخێکی باشدایه و سه به بی سه ره کی ئه و باره ئیجابییه چوونی نه وه ی ئه مرۆ بۆ زانکۆکان و ئه وه ی که تاقمێکی زۆر دوکتۆرای شێوه کاریمان ئیستاکه هه یه و یا خه ریکن وه ریده گرن وه کوو کاك ناسر قاضی زاده که له پاریس ه و دوکتۆرای هونه ره کانی ته جه سسومی هه یه و به رێز ئه رده شیر ئاریا که له باکۆیه . ئه وانه بۆ نموونه و زۆری تر باعیس بوون که بارودۆخ زۆر فه رق بکات و هونه ر وه زعیه تێکی زۆر چاکی هه یه.
* ئه وه ڵ مامۆستای شێوه کاریت کێ بوو؟



- به پرسینی ئه وه خۆشحاڵم. له سه رده می منالّیدا له ته ورێز بووین و من نه مده توانی له گه ڵ نه قاشه کانی ئه وێ باس و راوێژ بکه م له به ر ئه وه ی به باشی زمانی تورکیم نه ده زانی. هاوینان که ده ها تینه وه له »یه کشه وه «ی بۆکان ده گیر ساینه وه . بابم ئامۆزایه کی هه بوو به نێوی »فه یزوڵڵاخان ناهید« که له دیێ »قوڵه بڵاغی« ژیان و کاری هونه ری ده کرد. ئه ویش مامۆستای تایبه تیی نه بوو و له براکه ی مه رحوومی عه بدوڵڵا خانی ناهید فێر ببوو. ئه وه ڵین که سێك که به فه رمیی منی فێری هونه ری نه قاشی کرد فه یزوڵڵاخانی ناهید بووه. ئه وانه شه پۆلی ئه وه ڵی هونه ری شێوه کاری له کوردستاندا بوون. له ته مه نی 83 ساڵه یی به ره حمه تی خودا چوو. هه میشه یادی ده که م که له و سه رده مه دا ده ستی منی گرت و ره و ره وه ی نه قاشی دایه من و له داره داره وه له باری هونه ری، پشتی گرتم و رێنوینی کردم.
* به رێزم! ئه و ده م هونه ر له نێو کۆمه ڵگا دا زۆر جێی نه گرتبوو و هونه رمه ند گرفت وته گه ره ی زۆری له سه ر رێ بوو . ئه و باره ناله باره چه نده ته ئسیری بوو له سه ر ئێوه بۆ درێژه پێدانی ئه و رێگایه ی گرتبوو تانه به ر؟
- ئه و ده م که ئێمه خه ریکی هونه ری نه قاشی بووین له دیدی که سانێ که برێ جار ده س رۆیشتووش بوون و ئه ندێشه یان کاری ده کرده سه ر کۆمه ڵگا هونه ری نه قاشییان پێ باش نه بوو و به شتێکی بێهوده یان ده زانی! ده یانکوت ئه و که سه ی که تۆ ده یکێشییه وه ئه وه زیندوو ده بێ بکه یه وه! و.... هه ڵبه ت ئێستاش ئه و بۆ بوونه له لایه ن قاقمێ که سه وه هه یه

به لام مه جالی ئه وتۆیان نییه و ... به لێ ، نه قاشی وه کوو هونه ره کانی تر به ری فێر بوونی ئاوه لا نه بوو وته نانه ت دژایه تی له گه ڵ ده کرا. با نه قلێکتان بۆ بگێرمه وه! شێخی زه نبیل پیاوێك ده نێرێ بۆ »قوڵه بلاغی« بۆ لای فه یزوڵلا خان که بیکاته مه لای ئه وێ! بیکاته پێش نوێژی گوندی »»قوڵه بلاغی« کابرا که ده گاته ئه وێ و ماوه یه ك له وێ ده مێنێته وه و پێش نوێژی ده کا. که ڕووی ده کرێته وه ده چێته لای فه یزوڵلا خان و ده لێ: ئێوه پیاوێکی ره سه ن وباش و خوداناسن بۆ گوناحی وا ده که ی؟ (نه قاشی)! ئه وه گوناحه و مه یکه. فه یزوڵلا خان پاش بیستنی ئه و قسه یه، هه ر جارێك مه لای دێته ماڵ،نه قاشێکانی له به ر چاوان لاده با و ... تا ئه وه ی شێخی زه نبیل ( خوای لێ رازی بێ) نامه یه کی جوان و رێك و پێك بۆ فه یزوڵلا خان ده نێرێ و بۆی ده نووسێ: چه ند تابلۆیه کی نه قاشیم بۆ بنێره که ره سه نایه تی کولتوور وکه له پووری ئێمه ی پێوه ی دیار بێ جا یا به قیمه ت یا به هیمه ت.
فه یزوڵلا خان گه لێ خۆشحال ده بێ و مه لا بانگ ده کات و ده لێ : مه لا ئه و نامه یه ی شێخی گه وره بخوێنه وه . مه لا ده بێژێ: من سه وداى خوێندنه وه م نییه و هه ر ده زانم قورئانی پیرۆز بخوێنمه وه!
پێی ده لێ: ئه گه ر وایه بییه بۆ لای خوێنده وارێك بۆتی بخوێنێته وه.
به لێ مه لا نامه ی شێخ بۆ فه یزوڵلا خان ناهید ده باته سه قز و له وێ بۆی ده خوێننه وه که شێخ زۆر تاریف وته و سیفی ناهید و هونه ره که ی کردووه. مه لا که موریدی شێخی زه نبیل بووه ته واو له کرده و قسه ی پێشووی که نه قاشی گوناحه، په شیمان ده بێته وه و عوزرخوازی له »ناهید« ده کات. جا ئه ویش پێی ده لێ: ده بێ ئه و تابلۆیانه بۆ خوت بییه ی بۆ زه نبیل وخزمه ت شێخ. ئه و تابلۆیانه ئێستاش هه ر ماون و ره نگه له ماڵی شێخ و شێخ زاده کان بن وه کوو حاجی سه ید عومه رو حاجی سه ید ئه نوه ر و شێخ جه میل و ....
به داخه وه ئه و بیره هه ر چه ند که م بووه به لام به ده گمه ن هه ر ماوه و ده لێن نه قاشێکانتان ده بێ زیندوو بکه نه وه! ئه وه زه بری زۆری له و سه رده مدا له هونه ری نه قاشی دا. هه لبه ته ئێستا که روانگه ی کۆمه ڵگا بۆ هونه ر و به تایبه ت نه قاشی دیدێکی جێگای رێز و پێ زانینه و به هونه رێکی به رجه سته و به رزی ده زانن. نه قاشی بۆته زمانێکی نێو نه ته وه یی و له هه ر شوێنێکی جیهان که سه رنجی ده ده ن لێشی حالی ده بن و په یامه که ی وه رده گرن.
* مامۆستا له کاره کانی ئێوه ڕا وادیاره هۆگر به شێوازی »رێئاڵ«ن. سروشت له به رهه مه کانی ئێوه دا گه لێ خۆیایه و خۆ ده نوێنێ. بۆچی ئه و سه بکه؟!
- هه ر هونه رێك و هه ر ئیشێك ده بێ ریشه ی بێ و ڕیشه که ی ده رخرێ.
من نه قاشێکی ته جروبیم. زانکۆم نه دیوه. ئه و هونه ره سینه به سینه گه یوه ته من! له عه بدوڵلا خانی ناهیده وه. وه کوو خوێنێکی لێهاتووه له ده مارم دا. ئه و هونه ره ره سه نایه تی هه یه. مێژووه. مێژوو سازه. بۆ نموونه! بووك گواستنه وه به سواری ولاغی و ... ئه وه داب وره سمێکی یه گجار جوان بوو. »نایه ته ده ر« »نایه ته ده ر« یان بۆ بووکی ده گوت و. . وه دوای زاوای ده که وتن و جل و به رگیان لێ ده ستاند و... کاری من زیندوو کردنه وه و زیندوو راگرتنی ئه و داب و ره سمه یه.
نابێ بێڵین ئه وانه له بیر بچن و هونه ر بۆ پاراستنی ئه و کولتووره غه نییه باشترین که ره سته یه.
ده هوڵ وزورنا له تابلۆکانی من دا ده بینی. ئه وه هێشتنه وه ی ئه و ره سمه یه.
نه وه ك ئه لان که وه کوو رۆژ ئاواییه کان ئۆرگێك داده نێن و پێی هه ڵده په رن! سه ره هێشه ی دوایه شی هه ر مه پرسه. به ڵام ده هۆڵ و زورنا داب و نه ریتێکی گه لێ جوان بوو. دۆ ده هاتن و ده هۆڵ و زوڕنا له لای راستییانه وه لێی ده دا و.... به داخه وه ئێستا ئه وه نه ماوه.
ساڵان ڕاویان به تانجی ده کرد، ته ماڵیان ده دوزییه وه و که روێشك سه ربه ره وژێر ته نیا تانجی پێی ده گه یی و .... ئه من ئه وانه م له رێگه ی شێوه کارییه وه گواستۆته وه بۆ ئه

مرۆێش و بۆ نه وه ی دوارۆژیش.
یا بووکه بارانه كه ئێستا زۆر كه م بووه. منداڵ سه روپێچكه یه كیان به په ڕۆی ره نگاوره نگ ساز ده كرد و به كۆڵاناندا ده گه ڕان و ئه یانوت: بووكه بارانه ئاوی ده وێ/ ئاوی نێو ده غڵانی ده وێ/ ده رزی گه وره كچانی ده وێ/ هێلكه ی بارۆكانی ده وێ و ...
خه ڵكی ئاویان ده رژانده سه ر ئه وه ی به ده ستیانه وه بوو.
گۆره وی بازی و زۆر ره سم و رسووماتی دیكه.
هه ر وه ك شاعیر كه شێعر ده ڵێ و نووسه ر ده نووسێ ، ئێمه ی شێوه كاریش به هه سته وه به رهه می خۆمان به دی ده هێنین.
* مامۆستا چه ند تابلۆت هه یه، تا ئه و جێیه ی له بیرت بێ.
- ماوه یه ك بۆ تێپه راندنی ژیان و گوزه ران، تابلۆكانم ده نارد بۆ تاران و له وێ ده فرۆشران. له ڕووی مۆدێله وه ئه وانه م كار ده كرد. پاشان به وه ی گه یشتم من كه سروشتی ره نگاو ره نگی كوردستانم هه یه مۆدێلم بۆ چییه؟
یادی به خێر له گه ڵ كاك محه ممه د رۆسته م زاده هونه رمه ندی به رجه سته ، ده چووینه ده رێ و دارو ده وه ن و گوڵ و گیا و كێوه سه ر به رز و ئاوی زولاڵ و لێره وار و بناری هه مه ره نگی سروشتی خۆمان.... ده بوونه مۆدێل بۆ ئافراندنی به رهه می جوان و به پێز. تابلۆی گه لێ زورێ سروشتم هه بووه و هه یه. برێكیانم پێشكه شی ده وروبه رییه كانم كردووه.
* به رێزتان شێوه كارێكی ته جروبین. به ڵام پێم خوشه راتان سه باره ت به شوێندانه ریی خوێندنی ئه كادیمیا و زانكۆ له سه ر به هونه رمه ند بوون بزانم. زانكۆ به ته نیا كه سێك ده كاته هونه رمه ند؟
- ئه و كه سانه ی له زانكۆ بۆ هونه ر ده رۆن پاش ته واو كردنی به داخه وه وه شوێن شتی دیكه ده كه ون و هونه ره كه یان فه رامۆش ده كه ن. هونه رمه ند بوون زۆر موشكیله . هونه ر ده بێ له زاتی ئینسان دابێ. ده بێ له خوێنی دابێ و ده بێ له هه ستی دابێ ده نا ناتوانێ هونه رمه ند بێ. مامۆستا هێمن ده فه رموێ: هونه رمه ند و ژیانی خۆش مه حاڵه/ هونه رمه ند ره نجه رۆیه ژینی تاڵه.
بۆچی ؟ چونكه عه شقی، هونه ره كه یه . ته واوی ژیانی له هونه ره كه یدا خولاسه ده بێته وه. وه دوای مادديات ناكه وێ و ... كه سانێكمان هه ن پاش ته واو كردنی زانكۆی هونه ر ده بن به بازاڕی و بازه رگان و وه شوێن پووڵ كه وتن.
هونه رمه ند ئه و كه سه یه له ئه وه ڵه وه هه ستی تێدا بێ و له گه ڵ هونه ر بژی و به هونه رمه ندی راسته قینه بوون وه ك گواستنه وه ی خاكی ناڵشكێنه وایه به كه وچك ئه وه نده ئه سته مه!
هه موو كه سێ ناتوانێ هونه رمه ندی راسته قینه بێ.
* نێوان هونه رمه ند و كۆمه ڵگا چۆنه؟
- به پێشكه وتنی زانست و ته كنۆلۆژیا له م چه ند ساڵه ی دواییدا بارودۆخه كه زۆر گۆراوه و روو له چاكییه و دیدی كۆمه ڵگا سه باره ت به هونه رمه ند ته واو گۆراوه. بۆ نموونه:
چه ند ساڵ له وه پێش له ته نیشت فێر بوونی به هره وه ر گران له هونه ر كه ده ی ئێمه خانمێك 25 قوتابی هه بوو و فێری مۆسیقای ده كردن. به داخه وه برێ له هونه روه ران ئامێره كانی مۆسیقاییان له ته لیس دا ده هێناو ده برد و ... به لَ◌َام ئێستا كه وه زعه كه ته واو گۆڕاوه و خه ڵكی رێز و ئیحترام بۆهونه ر و هونه رمه ند داده نێن.
* مامۆستا چه نده خۆتان به هونه ره وه خه ریك ده كه ن؟
- ئێستا كه خانه نشین بووم كه م و زۆر 12 سه عات خه ریكی ته ڕراحی و نه قاشی كێشانه وه و تابلۆ نه خشاندم.
ئه و ده م كه كارمه ندیش بووم له ته نیشت ئیش و كاری ئیداریدا له هه ر شوێنێك بووبم هیچ كات ده س به رداری هونه ر نه بووم.

هه میشه ش که سانێك بوون فێرم کردوون و وه ك شاگرد له لام بوون. هه ر که س بێ بۆ لام
به گیان و دڵ و به هه ستێکی خاوێن فێری ده که م و ئه و په ری هه وڵی له گه ڵ ده ده م.
هه میشه که ره سته ی نه قاشی و میدادم به ده سته وه یه. له شه ڕی ژیاندا میداد چه کی من
بووه و تا دووا هه ناسه شم ده بێ

http://www.sirwanweekly.com